مەسعود بارزانی: دەبێت ڕێز لەو هاوڵاتیە عەرەبەی سوریانە بگیرێت کە لە هەرێمدان



مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپەیامێکدا ڕایگەیاند، ئەو هەڕەشەت و ڕەفتارانەی دژی هاوڵاتیە عەرەبیە سوریەکان کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن، لەگەڵ بڵەنسیپ و بەهاکانی گەلی کوردستان ناگونجێن و دەشێت، "دەبێت ڕێزی ئەو پەنابەر و هاوڵاتییە عەرەبەی سوریایانە بگیرێت کە پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە و لێرە دەژین و پێویستە کۆتایی بەم هەڕەمەتە نابەجێیە بهێندرێت".

مەسعود بارزانی لەپەیامێکدا کۆدەستی موتەوەع کووتوو بۆ ئاویکردەوە، "لە کاردانەوەی بەرانبەر ئوداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوی شاری حەلەب، بەداخەوە لە هەندێك پێگەی میدیایی و سۆشیاڵمیدیا و ناوەندی دیکەدا، هەڕەمەتێك لە دژی ئەو هاوڵاتییە عەرەبەی سوریایانە دەبینرێت کە لە هەرێمی کوردستاندا دەژین، ئەمجۆرە هەڕەمەت و ڕەفتارانە لەجێی خۆیاندا نین و بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ پەنسیپ و بەهاکانی گەلی کوردستان ناگونجێن و دژی سیاسەت و ڕەوانگەی گشتیی دامودەزگەی هەرێمی کوردستانن.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "لە ڕاستیدا نابێت ئەبابیلی ئەنجامدانی تاوان لەلایەن خەڵکەوە بخرێتە ئەستۆی خەڵکانێکی دیکەوە کە هیچ پەیوەندییان بە تاوانەکەوە نەبوە، دەبێت

ڕۆژی ئەو پەنابەر و هاوڵاتییە عەرەبە سوریایییانە بگیرێت کە پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە و لێرە دەژین و پێویستە کۆتایی بەم هەڵمەتە نابەجێیە بهێندرێت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕگە لە دوبارەبونەوەی ئەمجۆرە هەڵسوکەوتانە بگرن".